# تەمی سەر خەرەند

ئیدریس عەلی

ئەمجارەش (شێرزاد حەسەن) بانگی کردینەوە نێو حیکایەتە بێکۆتاییەکانی خۆیو داوەتی کردین ژەمێك قەهرو پێکێ تاریکی ژیانی لەگەڵ هەڵدەین، پەلی گرتینەوە بۆ نێو ئەو قوتابخانەی، لەنێو پۆلە ساردو سڕەکانیدا، لە حەوشە بێباخچەو بێڕەنگەکانیدا، لەسەر دیوارە بەرزو زیندان ئاساکانیدا، فێری وانەکانی ترسو شەرمو موغامەرە بێئاکامەکانی دڵداری بووین. بردینیەوە بۆ نێو ئەو ماڵە هەژارانەی منالّی تێیدا دەخەسێتو جوانیو ناسکیو خەندەو ئومێد تێیدا دەکوژرێت. ئەو ماڵانەی خۆشترین قسە تیایدا تفەو جوانترین دیاری قامچیەو شمشێر، لای ئەو باوکە رایگرتین کەبەردەوام بەدەنگێکی بلّند بەسەرماندا دیقیژێنێ: پێویستە عاقڵو گوێ رایەڵ بن. ئەو باوکەی هەمیشە داوا لەوەچەکانی دەکات وەك خۆی بیر بکەینەوەو هەڵسوکەوت بکەین. ئەو باوکە دڵ رەقەی بێڕەحمانە سەرکوتمان دەکاتو هەتا رۆژی مردن وەك سێبەر بەڕۆحمانەوە لکاوە. ئەمجارەش (شێرزاد) فڕێیدواینەوە نێو حیکایەتە جوانەکانی بەر ئاگردانی شەوە تەڕو ترسناکەکانی پاییزانو نێو کۆشە گەرمەکانی داپیرە. ئەوحیکایەتانەی هەموان خۆزگە دەخوازین پاڵەوانەکانی بین. (شێرزاد حسن) دەمانباتە سەر سەدوویەك ڕێگا، لەهیچ کامیان جگە لەدڕکی گومانو ژەهری پرسیاری بێ وەڵام، گوڵی ئومێدیان لەسەر ناڕوێت. لەوپەڕی کۆڵانە خۆڵاوییەکانی پیرییەوە بەدەنگێکی نوساو هاوارمان لێدەکات: کێ ئەم خەمانەم لێدەگرێت؟ بەشەرمێکی کوردانەوە دێتەوە ژێر سایەی درەختی ویژدانمانو بەبێدەنگی دەلێ: کێ ئەم هەموو گومانو پرسیارو برینو دلّشکاندنەم لەکۆڵ دەکاتەوە؟

(تەمی سەرخەرەند) تازەترین رۆمانی مامۆستا (شێرزاد) ە، گەڕانەوەیەکی خێرایە بەنێو یاگارییە تاڵو شیرینو رەنگاو رەنگەکانی مرۆڤی کورددا، ئەو لەچاوو دڵو خەیاڵی خۆیدا وێنەی مرۆڤی تاساوو سەرکوت کراوی کورد دەنەخشێنێ. ئەو مرۆڤانەی ترسو شەرم بۆتە نەخشەی ژیانیانو لەبەردەم ئارەزووەکانی خۆیاندا تەریق دەبنەوە. خوێنەر لەم رۆمانەدا منالّ دەبێتەوە. عەشقە ناکامەکانو شەڕی ناکاوی کۆڵانەکان سەر هەڵدەدەنەوە، بەو مامۆستایانە شاد دەبنەوە کەمنالّو قوتابی وەك مێگەل سەیر دەکەنو وەك دڕندە دار کاریان دەکەن.

خوێنەر دەچێتەوە نێو پۆلە ساردەکانو لەسەر ڕیحلە رەقەکان دادەنیشێو ئایەتە ترسناکەکانو سروودە بی ماناکانی ژیان دەلێتەوە. ئەو دایکە هەژارو ژێر دەستانە دەبینێتەوە، کەلەژێر زولمو چەپۆکی بێبەزەییانەی باوکەدا هەر بەلاوی پرچیان سپیو دلّیان گوشراوو روخساریان پیر بووە. (تەمی سەر خەرەند) تەمێکە بەئاسمانی دڵو مێشكو خەیاڵو مێژوو ئایندەی هەر هەموومانەوە، ئەو تەمەی سەرمان پێ هەڵدەگرێت بۆ مەنفاو لەوێ خەمی غوربەتو کۆڵانە قوڕاوییەکانی نیشتیمانو کونجو کەلەبەرە شێدارەکانی یادگاری، رۆحمان بزمار ڕێژو جەستەمان هەلا هەلا دەکاتو ئیدی بیری یەکەم شەپازلەی باوكو یەکەم تفی مامۆستاو یەکەم فرمێسكو ماچی دایکەو خەیاڵی یەکەمین تیشکە نیگای عاشقە دۆڕاوەکانمان پەلمان دەگرێتەوە نێو ترسو شەرمو بێدەنگییە کوشندەکانی نیشتیمان.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.